
ووتنکـــــــردنەوەیەک لە وەرگێڕی پەرتـــــــــووکی(پێنج وانە لە دەروونشیکاری سیگمەند فرۆید)

خوێندنەری خۆشەویست:

ساڵی (2003) پەرتـووکی (پێنـج وانە لە دەروونشیکـاری سـیگمەند فرۆید)- مان لە زمانی فارسییەوە کرد بە کوردی و ساڵی (2006) خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوەر لە هەولێر چاپ کردنی ئەم پەرتووکەی گرتە ئەستۆی خۆی،بەڵام نزیك بە ساڵێك چاپ کردنی ئەم پەرتووکە گرینگەی (فرۆید)ی ڕاگرت و ساڵی (2007) کتێبەکەی چاپ کرد،دوای ماوەیەك کتێبەکە لە بازاردا نەما و بەردەوام بەری خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوەر داوای کرد چاپی دووەمی کتێبەکە بخاتە بازاڕ و ئەمە ڕێتمان کردەوە...، دوای (9) ساڵ لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، بینیومانە کە هەمان دەزگا- (خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوەر) پەرتـووکی (پێنـج وانە لە دەروونشیکـاری) بە بێ پـرس و ئاگاداری ئەمە لە بەرگێکی نوێدا چاپ کردەتەوە و ساڵی (2015) لەسەر نوسیوە...، لەم چاپە نوێیەدا کە بێ بێ ئاگاداری ئەمە کراوە، نابەرپرسیارانە و دوور لە مەڵاڵی چاپ و تایپ کردنەوەی کتێب دەسکاری وەرگێڕانەکەی ئەمە کراوە و بە شێوەیەك تەواوی کتێبەکە بە دەستی ئینقەست شێوێنراوە و لێی زیاد و کەم کراوە... ئەمە لە سایتی خۆشەویستی دەنگەکانەوە ڕایدەگەیێنین وخوێنەرانی خۆشەویستی ئەم کتێبە ئاگادار دەکەینەوە،کە بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەم چاپە شێوێنراو و دەسکاری کراوەی ئەم پەرتـووکە نیـن و ڕەتـی دەکەینەوە.ئەمە وەنەی بەرگی چاپە شێوێنراوەکەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوەرە کە ساڵی (2015) ی لەسەر نوسیوە و ئەم بەرگەی هەیە ،کە ئەمە لێی بەرپرسیارنین:

ئەمەی تریان وەنەی بەرگی ئەم کتێبەیە کە ساڵی 2007 دەزگای چاپی ئاوەر< بە ئاگاداری ئەمە> چاپی کردووە و ئەمە بەرگەکەیەتی:

ـ




صباحی مەلاعەوەلا
وەرگێڕی پەرتووکی (پێنج وانە لە دەروونشیکاری سیگمەند فرەید)

پێنج وانە لەدەروون شیکارییدا
نووسینی: سیگمەند فرەید - وەرگێڕانی لە فارسییەوە: صباحی مەلاعەوەلا

ئەم وەرگێڕانە بۆ ئەو مندالە خۆشەویستەی
کە هەر کاتێك سیمای دەبینم
باوکمی تیا بەدی دەکەم پێشکەشە بە: دەلیا
وەرگێڕی کوردی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن .....



ساواک بۆچی (حەسەن زیرەک)ی کوشت؟! … د.مەولود ئیبراهیم حەسەن



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

مەهمەت ئاکتاش بەرهەمهێنەری کورد: دەبێ لە روانگەی مندااڵانەوە فیلم بەرهەم بهێنین

مانووچهر جیهانی ـ "مەهمەت ئاکتاش" بەرهەمهێنەری کورد لەو باوەڕە دایە کە دەبێ لە روانگەی مندااڵانەوە خەریکی فیلم چێکردن بین و ئەوەی کە ئەوان لە جیهانی دەوروبەریان وەریدەگرن و لێی تێدەگەن، وێنەی بگرین.
بە پێی راپرسێتی لێژنەی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی سوودووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی مندااڵان و مەرمندااڵانی

ئێران ICFF، پەنڵی "بەرهەمهێنانی هاوبەشی ئێران، تورکیا و وڵاتانی ئەورووپی" بە ئامادەبوونی "مەهمەت ئاکتاش"، بەرهەمهێنەری نوودەوڵەتی سینەما لە کتێبخانەی ناوەندی ئیسفەهان بەڕێوەچوو.
"مەهمەت ئاکتاش" لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا، سەبارەت بە بواری چالاکی خۆی گوتی: من زیاتر لە ئەمانیا چالاکی دەکەم و لەم وڵاتە نووسینگەیەکمان هەیە کە بەرهەم گەلێکی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی وەکوو ئێران، ئەمانیا، میسر، تورکیا و وڵاتانی ئەورووپی ئەنجام دەدەین. پێم وایە تێکەڵاوییەکی باسەکان رووبداوە و دروستە کە من لە کۆمەگای تورکیاوە سەرم هەڵداوە، بەڵام زۆربەی پرسی بەرهەمهێنانی هاوبەشی ئێمە لەسەر وڵاتانی ئەورووپی وردبێتەوە.
ئەو پاشان سەبارەت بە ناوەرۆکی بەرهەمهێنانی هاوبەش لە سینەمادا رووندیکردەوە: بەرهەمهێنانی هاوبەش تەنیا ئەمە نیە کە ژمارەکان و رەقەمەکان و بوودجەکانی فیلمەکان رابگەیەنین، بەڵکوو بەرهەمهێنانی هاوبەش سەبارەت بە چیرۆکی یەک خەتی فیلمەکە و ئەو تایبەتمەندییە هونەرییانە و وەرگرتنی بەرپرسایەتی لایەنەکانی بەرهەمهێنانە.
ئەم بەرهەمهێنەرە کوردە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: کاتێک لە ناوچەیەکدا دەمانەوێت دەست بە بەرهەمهێنانی هاوبەش بکەین، یەکەمین پرسیار ئەمەیە کە بڕچی دەمانەوێت وەها کارێک ئەنجام بدەین، چ شت گەلێک لەم ناوچەیەدا بوونی هەیە کە لە نێوان دوو لایەندا هاوبەشن، بۆ بەرهەمهێنەران ئێرجینان بوون یەکجار گرینگە و پاشان بە بابەتی فرەش و نمایش کردنی جیهانی سەرنج دەدرێت.
ئەکتاش جەختی کردەوە: پرسیاری دوایی کە دەبێ بیپرسین، ئەمەیە کە دەرهێنەر چ کەسێکە و چ ئەزموونێکی هەیە؟ ئەو کۆمپانیایەی کە دەیهەوێت چێکردنی فیلمەکە لە ئەستۆ بگرێت، خاوەنی چ بوارێکە؟ بەرهەمهێنەرانی ئەورووپی بە دەرهێنەرانی فیلمی یەکەم زۆر متمانە ناکەن و بە دوای بەرهەمەکانی دەرهێنەرانی بەئەزموون و لێهاتوودا دەگەڕێن، هەبەت هەندێک جاریش بووە کە دەرهێنەرانی فیلمەکانی یەکەم لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە پاڵپشتییان لێکرا، بەڵام بە زەریفی و وردبینییەکی یەکجار زۆر هەبژێردران.
ئەو بە ئاماژەدان بە دەرهێنەرەکانی بەئەزموونی سینەمای ئێران رایگەیاند: من سەبارەت بە دەرهێنەرانی ئەستێرەی سینەمای ئێران لەوانە "ئەسغەر فەرهادی" و "عەباس کیارەستەمی" قسە ناکەم، چون هەموو کەس هێگری ئەوەن کە لەگەڵ ئەم کەسایەتییانە کار بکەن، بەڵکوو سەبارەت بە دەرهێنەرانی گەنج و لاو قسە دەکەم. لە ئەورووپا بەرهەمهێنەرەکان بە دوای یەک زمانی نوێی سینەماییدان و ئەگەر ئەم دەرهێنەرە لاوانە خاوەنی ئەم زمانە نوێیە نەبن، بە دڵنیاییەوە

هەنابژەردرێن. لە راستیدا لە چیرۆکی دووپاتە و دەست لێدراو بەزارن و بە دوای بەرهەمێکی نوێ، جیاواز و ئارجینالدا دەگەڕێن.
ئەم سینەماکارە بە ئاماژەدان بە ئیمکانەکانی چڕکردنی فیلم لە ئەمانیا، ڕوونیکردەوە: هەندێک ریزبەندی بێ چڕکردنی فیلم لە ئەورووپا بوونی هەیە، بە تایبەت لە وڵاتی ئەمانیا. بێ وێنە ئەگەر یەک بەرهەمهێنەری ئیرانی بیهەوێت، بەرهەمێکی هاوبەش ئەنجام بدات و یەک میلیۆن یۆرۆ ببات ئەوە، بە شێوەی ئۆتۆماتیک 20 تا 30 لەسەدی تێچووی بەرهەمهێنان لە ئەستۆ دەگرن، هەروەها لە بواری ئامادەکردنی دیمەنی لۆکەیشێنی شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکەش یەکجار یارمەتی دەدەن. تەنانەت دەرهێنەرەکانی ئەمریکاییش دێن بۆ ئەمانیا و لەم دەڤرایەتی و ئیمکانییەتە بۆ چڕکردنی فیلم کەڵک وەردەگرن. لە ڕاستیدا بۆ سینەماکارانی سەربەخۆ دوو ڕێگا بوونی هەیە، یەکەم ئەوەی کە دەتوانن لە ڕێژاوا شەریکێک بۆ بەرهەمهێنانی هاوبەش پەیدا بکەن، دووهەم ئەوەی کە بازاڕی ئاسیایی دەتوانێت ڕێگایەکی شیاو لە بەر چاویان بێت.
ئەو بە ئاماژەدان بەو بەرهەمە هاوبەشانەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیایی گوتی: ساڵی پێشوو من دوو بەرهەمهێنانی هاوبەشم لە ناوچەی بازاڕی ئاسیایی هەبوو، هەبەت وڵاتانی دیکەی ئەورووپا وەکوو ئەمانیا و فەرەنساش لە بواری بەرهەمهێنانی هاوبەش لەگەڵ بازاڕی ئاسیاییدا هاوکارییان هەیە.
هەروەها دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی ناوچەی کەنداوی فارس یەک ڕێگای یەکجار گرینگ لەبەر دەمیاندا هەیە و ئەویش خەاتە سینەماییەکانە کە ئاسکاری ئاسیایی
ناوی لێ نراوە.
ئەکتاش ئەوەشی ڕاگەیاند: یەکەمین هەنگاو کە لە یەک پڕۆژەدا دەتوانرێ بنرێت، ئەمە نیە کە 20 هەزار یۆرۆ وەربگرن، بەکوو دەبێت خۆتان نمایش بکەن و لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکاندا بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی کە ببیندرێت.
ئەم سینەماکارە پاشان باسی پێداچوونەوەی فیستیڤاڵەکان، کۆمپانیاکان و ئەو دامەزراوانەی کرد کە لە چڕکردنی فیلمەکانی سینەماییدا یارمەتی دەرهێنەرەکان دەدەن کە لەوانە دەتوانرێ بە سینەفێنداسیێنی فیستیڤاڵی کان، فیستیڤاڵی فیلمی بەرلین، فیستیڤاڵی فیلمی لۆکارنۆ، فیستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز، وڵاتانی نەرویژ و سویسرا و چەندانی دیکە ئاماژە بدرێت. ئەو سەبارەت بە چێنیەتی کارکردی فیستیڤاڵی فیلمی بەرلین لەم بوارەدا گوتی: لە فیستیڤاڵی فیلمی بەرلین بۆ وەرگرتنی پاڵپشتییەکانی ماڵی و بۆجگە لە ماڵی و دارایی بۆ چڕکردنی یەک فیلم رکابەرییەکی سەخت بوونی هەیە، لەبەر

ئەوەی کە چەندین دەرهێنەری دیار و ناسراو بەشدارییان تێدا هەیە و وەرگرتنی ئاسانکاری و بوودجەی پاشتی بۆ یەک دەرهێنەری لاو سەختە. هەبەت دەبێ 50 لەسەدی پاشتی دارایی و ماڵیان لە وڵاتی خۆیانەوە هەبێت.
ئەو هەروەها بە دەربڕینی ئەوەی کە هەندێک لە بەرهەمهێنەرەکان بە شێوەی ناوچەیی چالاکی دەکەن، ئاماژەیدا بە بەرهەمە هاوبەشەکانی سینەمای تورکیا و ئێران و یادی "بایرام فەزلی" دەرهێنەری فیلمی "جندێکەی جوان"ی زیندوو کردەوە کە فیلمێکی هاوبەشی لەگەڵ وڵاتی تورکیا چێکردووە.
ئەکتاش بە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە بابەتی بەرهەمهێنانی هاوبەش بە شێوەی زەماوەند کردن و هاوسەرگیرییە، درێژەی بە قسەکانیدا گوتی: دوو کلتووری جیاواز لە یەک خولی ماوە درێژدا، زەماوەندێک لە نێوانیاندا ئەنجام دەرێت کە لە تەنیشت یەکتردا جێگیر بن و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی یەکتر ئاشنا بن. ئەم رووداوەڵ پێکەوە دانانی دوو نەریتی رەسەنی کۆنی فیلم چێکردن لە تەنیشت یەکتر دایە، ئەو نەریتانەی کە لەگەڵ هەبوونی هەموو جیاوازییەکان لە تەنیشت یەکتر دادەندرێن و لە یەکدی بابەت گەلێکی زۆر فێر دەبن.
ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: پرسی بەرهەمهێنانی هاوبەش دەتوانێت یەک کلتووری فیلم چێکردنی نوێ بە ناوچەکە و جیهان بناسێنێت. دوو زمانی جیاوازی سینەمایی دەتوانن لە تەنیشت یەکتردا جێگیر بن و ببنە یەک جەستەی تاک و بێ جیهان ئاراستە بکرێن.
ئەم بەرهەمهێنەرە هەروەها سەبارەت بەو کێشە و گرفتانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی هاوبەشدا روو دەدات، گوتی: ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی هاوبەشدا بوونی هەیە، زیاتر لایەنی خەجڵی و خەماڵیان هەیە، ئەم خاڵە یەکجار گرینگە، کاتێک لە قۆناغی فیلم چێکردندا هەموو شاد و دڵخۆش، بزانن کە یەک گرفتتان هەیە، لەبەر ئەوەی کە هیچ کات لە کاتی چێکردنی یەک فیلمدا هەموو ستاف و گروپی ئامادەکاری فیلم شاد و دڵخۆش نین.
بەشی دووهەمی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ سینەمای منداڵان تەرخان کرا و ئەکتاش سەبارەت بە روانینی جیهانی بە پرسی سینەمای منداڵ رایگەیاند: ئێمە لە دوو رستەی بنەڕەتیدا دەتوانین سەبارەت بە سینەمای منداڵ قسە بکەین، ئەوەی کە فیلم بۆ منداڵەیان سەبارەت بە منداڵ؟ بە بۆای من هەر دوو رستە دروستە، من خۆم کۆمێکی تەمەن 10 ساڵم هەیە کە بەردەوام ئەنیمەیشێن چاو لێ دەکات و کاتێک من وێستم فیلمێکی ئێرانی (کوردی) بۆی نیشان بدەم، بەڵام چون بۆ تەمەنی ئەو گونجاو نەبوو، قەبووڵی نەکرد.

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە ئەمانیا یاسا و ڕسایەکی زۆر بۆ چۆنییەتی نمایش کردنی فیلمەکان بۆ منداڵان بوونی هەیە، بە بۆچوونی من دەبێت باڵانسێک لە نێوان ئەو ڕاستەقینەی کە هەیە لەگەڵ جیهانی منداڵانە دروست بکەین، ئەمە دەبێ لە ڕوانگەی منداڵانەوە خەریکی فیلم چێکردن بین و ئەو شتەی کە ئەوان لە جیهانی دەوروبەریان وەریدەگرن و لێی تێدەگەن، وێنەی بگرین.
لە بەشی کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەشدا "کامبۆزیا پەتەوی" سەبارەت بە باسی بەرهەمهێنانی هاوبەش بۆچوونی خۆی بەم جۆرە دەربڕی: ئەمە هیچ بەرهەمێکی هاوبەشمان لە پێش شاشەوە تا وەکوو ئەمڕۆ نەبووە.، تەنانەت بەر لە شۆرش وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر بۆیاریدا بۆ چێکردنی فیلم گەلێکی لەم جۆرە و تەنانەت ستافی ئامادەکاری بیانیشیان بۆ وڵاتی ئێران هێنا، بەڵام هیچ کات ئەو جۆرەی کە دەبێ ئەم فیلمە وەکوو یەک بەرهەمی هاوبەش نەبینرا.
ئەو وەبیری هێنایەوە: پێناسەی من لە بەرهەمهێنانی هاوبەشی فیلم ئەمەیە کە سەرمایەدانەرانی چەند وڵات کە دەیانەوێت بەرژەوەند و سوودێکی زیاتر لە فیلمەکە بەدەست بهێنن، بۆیار بۆ چێکردنی بەرهەمهێنانی هاوبەش دەدەن بۆ ئەوەی کە بتوانن نمایش کردنێکی بەربڵاوتریان هەبێت، بەڵام ئەمە لە ئێران ناتوانین بڵێین بەرهەمهێنانی هاوبەشمان هەیە.

ئێکی جیاواز … نێوزاد بێندی

دڵم خۆشە..و
لێ خۆش زیاتر ..
بۆچی نێتهشت
شتێک بکەم ..
کە لێ پێ ئاوەدانت کرد ،
دڵێک لێ تێنیا تێنیاتر ..؟؟

دڵم خۆشە و
بەایەوە ..
بۆچی نێتهشت
شتێک بکەم ..

کە لە پە چی ەنگی خەر
لە شەودا ەنگی دایەو ..؟؟

ئیتر
دەم خەش و
تەواو ..
بەچی نەتهەشت
شەە بکەم ..
کە بە شەە خوەن بووم و خوەناو ..؟؟

شیعری منا ان – وا تـــەکـــەم … محەمەد بەرزی

واتـــم شـاخ و دەشـتـە
جـوانـە وەکـو بـەهـەشـتـە

بـاخی گـوە و گـوەـزارە
هـەمـوو وەرزە بـەهـارە

مانگ و ئەستەرەی گەشە
ئـاسـمـانی پـە لـە ورشـە

دیـمـەنـی بـە هـاوتـایـە
جـوانـی هـەمـوو دنـیـایـە

خـاک و خـەـی ئـاـتـووـنـە
بـە ئـەـمـە مـایـەی بـووـنـە

واتـەکـەم ئـاـوایـە
لانـەی کـوردی ئـازایـە

---

۱۲ / ۹ / ۲۰۱٦